**بەناوی گەلەوە**
**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان :۲۹**
**رۆژی دەرهێنان : ۲۰۰٤/٦/۲۰**

پشت بە حوکمی برگە (۱)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥۳) لە یاسای ژمارە (۱)ی هەموارکراوی سالّی (۱۹۹۲) و، لەسەر داوای وەزیری ئـەوقاف وکاروبـاری ئیـسلامی و رەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (٤۳)ی رۆژی (۲۰۰٤/٦/۱۹)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسـەڵاتەش کـە برگـە(۳)ی مـاددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (۱۰)ی سـالّی (۱۹۹۷) پێمـانی داوە، بریـاری دەرهێنـانی ئـەم یاسـایەی خوارەوەمان دا:

**یاســای ژمــارە( ۲۹ )ی سالّی/۲۰۰٤**
**یاسای یەکـەم هەموارکـردنی یاسای ژمارە( ۷ )ی سالّی ( ۱۹۹۲ )ی**
**وەزارەتی ئەوقـاف و کــاروبـاری ئیسـلامیی هــەرێمی کـوردســتانی عێـراق**

**ماددەی یەکەم:**
برگەی(۲)ی ماددەی یەکەمی یاساکە هەمواردەکرێ و، وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
وەزارەت: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

**ماددەی دووەم:**
دەسەواژەی(وەزارەتی ئەوقاف و کاروبـاری ئیـسلامی) لـە هـەر جێگایـەکی یاسـای ژمـارە(۷)ی هـەموارکراوی سـالّی(۱۹۹۲)داو لـە هـەر یاسـایەکی دیکەشـدا هاتبـێ، دەسـەواژەی(وەزارەتـی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**
پێویستە وەزارەتە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەر کار.

**د.رۆژ نــوری شاوەیس**
**ســەرۆکی ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**
**هۆکارە زەرووڕەکان**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com